عەتوانی: هەر لایەنێک ڕێگری بکات لە دابەشکردنی ڕاستەوخۆی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم لە بەغدادەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت



سەرکی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەران ڕایگەیاند، بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق، بەهەمان ڕەوشەوە کاتی دابەشکردنی مووچە لە عێراق مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمیش دابەشدەکرێت، هەر کەسێکیش ببێتە ڕێگر لەبەردەمیدا لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت.

عەلی عەتوان عەتوانی سەرکی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند، "ئەو مووچەیەی بە هەرێمی کوردستان ڕەوانە دەکرێت بڕێک دەبێت لە 12.67% ی بڕێ بوودجەی هەرێم، ئەوەی لەیدەمەنتەوە بە خەرجییەکانی دیکەی هەرێم و پێداویستییەکانی خەرجدەکرێت".

ئاشکراشیکرد، لەمودوا مانگانە وەزارەتی دارایی عێراق مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینانی هەرێم دەنێرێت، داوایشی لە بەرپرسانی هەرێم کرد، خێیان لەگەڵ بڕیارەکە بگونجێنن و بە شێوەیەکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ بکەن.